## بەهۆی کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندان

# ئاسایشی هەولێر ١١ تۆمارگە بۆ ماوەی ٣ رۆژ دادەخات

میدیا - هەولێر/ وەك لێپێچینەوەیەك بەرامبەر بە کۆپیکردنی سیدی هونەرمەندان، ئاسایشی هەولێر ١١ تۆمارگە بۆ ماوەی ٣ رۆژ داخستو خاوەنی هەندێکیشیانی شەوێك زیندانی کرد.

سەرچاوەیەك لەئاسایشی هەولێر کە نەیخواست ناوەکەی بلاوبکرێتەوە بە (میدیا)ی راگەیاند لەهەفتەی رابردوودا وەك تاقیکردنەوەیەك ٢ کچمان ناردە هەندێك لەتۆمارگەکانی دەرەوەی بازاڕ بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەوان سیدی هونەرمەندان کۆپی دەکەن یان نا، "١١ تۆمارگا هەڵساون بە کۆپیکردنی سیدیەکان لەگەڵ ئەوەی بەڵێننامەیان پڕکردۆتەوە کە ئەو کارە نەکەن، ئێمەش وەك ئیجرائاتێك ٣ رۆژ تۆمارگەکانمان پێ داخستون‌و هەندێك لەخاوەنەکانیشمان بۆ ماوەی شەوێك دەستگیرکرد بەتایبەتی ئەوانەی کە چەندین جارە ئەو کارە دەکەن"، سەرچاوەکە گوتیشی "ئێمە زۆر هەوڵمانداوەو بە قسەی خۆش پێمان گووتون ئەو کارە نەکەن، بەلاَم ئەوان گوێ بەقسە نادەن‌و بۆیە ناچاریان کردین ئاوا بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین".

ئیسماعیل خاوەنی تۆمارگەی چریکەیە لەشەقامی ئەلبان، کە بەهۆی کۆپیکردن تۆمارگەکەی داخراوە، بە (میدیا)ی راگەیاند "ئاسایشی هەولێر دوو کچی بە فێڵ ناردووە بۆ زۆربەی تۆمارگاکانی گەڕەکەکان داوای کۆپی کردنی بەرهەمی تازەی هونەرمەندانیان کردووە، ئێمەش




چەند تۆمارگایەك سیدییەکەمان بۆ کۆپی کردوون"، گوتیشی "لەبەرامبەر ئەو کارەی کردوومانە ئاسایش بڕیاری ٣ رۆژ داخستنی تۆمارگاکان‌و شەوێك زیندانی کردنی بۆ ئێمەدا".

چەند مانگێکیش لەمەوبەر تایبەت بەو کێشەیە کۆنفرانسێك بەسترا بۆ رێگە گرتن‌و چارەسەرکردنی دیاردەی کۆپیکردنی سیدی ئۆرژینالی هونەرمەندان.